خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ژمارە (3215)
هەینی 3ی تەممووز 2009
(12)ی پووشپەڕ 2709ی کوردی
(10)ی رجب 1430ك
(16) لاپەڕە
(500) دینار

3 ئەو شەڕەی دژ بە دەستوور بۆ کێ دەکەن؟

5 مافی دەنگدان و پێوەلکانی بە مافی هاوواڵتی بوونەوە

6 دیموکراسی یان حوکمڕانی گەل

12 تیۆری هێرمۆنتیک

15 ئەمرۆ دهۆک و هەولێر لە دوا یاریی گرووپی یەکەمدا



نێچیرڤان بارزانی دگەڵ سەرۆک و جڤاتا زانکۆیێ دهۆکێ کوم بوو

سەرەدانا مە بۆ پارێزگەها دهۆکێ ژبۆ هندێ بوو ئەم ژ نێزیک ب گرفتارێن وان ئاگەهدار بین

مصلح-ن. دهۆک: دوهی سپێدێ 2009/7/2 ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانی دگەل سەرۆک و جڤاتا زانکۆیا دهۆکێ کوم بوو.

سەرۆکێ حکومەتێ دوپاتکر کو شەنگستەو بنەمایێ سەرکەفتنێ بۆ هەردەزگەهەکی هاریکاری و تەبایی و کارکرن وەک تیمەکێ ئێکگرتی یە، کو جێ خوشحالیێ یە ئەڤە ل زانکۆیا دهۆکێ دهێتە بەرچاڤکرن. ئەڤرو گوهرینێن مەزن ل زانکۆیا دهوک پەیدا بووینە ژلایێ هزمارا کولیژێن زانکۆیێ کو ئەڤ ساڵە ژی دێ کولیژا پەروەردا بنیات ل ئاکرێ هێتە ڤەکرن و کولیژا بزیشکیا ددان و دەرمانسازی لدهۆکێ ئەڤە ژی هەوالەکی دلخوشکەرە.

لێ یاگرنگتر ئەوە زانکۆ پتر پویتەی ب بلندکرنا ئاستێ زانستی و ڤەکولینێن زانستی و ستراتیژی بدەت دهەمی وارێن ژیانێ دا و زانکۆ کاراو چالاک بیت دڤی بیاڤی دا.

سەبارەت داخازی و پێدڤیێن گرنگین زانکۆیێ سەرۆکی حکومەتا هەرێمێ ئامادەیی و پشتەڤانیا خو جارەکادی دوپاتکرەڤە و بڕیار دا کو کێشا ئاڤاهێتن زانکۆیێ و پەیمانگەها تەکنیکی لە دهۆکێ و ئامێدیێ بێنە چارەسەرکرن. هەروەسا ئاریشا پشکێتن ناڤخویی بۆ قوتابیان و مامۆستایان چارەسەر بیت.

ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دلایەکێ دیێ ئاخفتنێن خودا دگەل جڤا تازانکۆیا دهۆکێ گوت: سەرەدانا مە بۆ پارێزگەها دهۆکێ ژبۆ هندێ بوو ئەم ژ نێزیک ب گرفتارێن وان ئاگەهدار بین، نەخاسمە ئاریشا کارەبێ کوردوهی مەبەرێ نیاتێ ئێستگەهەکا 500 میگاواتی دانا دقوناغێکێ دا دماوێ 10 دهەمەهێن بهێت دا دێ 150 سەدووپێنجی دا بەرێزان تمر ڕمضان پارێزگاریّ دهۆکێ و سەرباز هەورامی ریڤەبەرێ نڤیسنگەها سەرۆکێ حکومەتێ ئامادەبوون.

ل دوماهیێ ژی سەرۆکی حکومەتێ تەئکید کر کو هەردەم پشتەڤانێن زانکۆیا دهۆکێ ینە و ئەو کێماسی و گرفتارێن هەین دێ چارەسەرکەین و هەژیە بێژین زانکۆیا دهۆکێ ل سالا 1992 هاتیە دانان و ژ 13 کولیژا پێک دهێت، سەرباری وان کولیژێن نوی ئەڤ ساله قەدبن هژمارا قوتابیان 500و10 قوتابینە و چەندین بنگەهێن زانستی و پەیمانگەها بلندا نەخشە دانانی ب خوڤە درگیت دەڤێ دیداریّ دا بەرێزان تمر ڕمضان پارێزگاریّ دهۆکێ و سەرباز هەورامی ریڤەبەرێ نڤیسنگەها سەرۆکێ حکومەتێ ئامادەبوون.

لە کۆبوونەویەکیاندا لە گەڵ خەڵکی هەولێردا کوسرەت ڕەسوڵ و فازڵ میرانی داوا دەکەن دەنگ بە سەرۆک بارزانی و لیستی کوردستانی بدەن

بەئامادەبوونی کوسرەت ڕەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و چەند بەرپرسێکی تری بالای ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کەسانی ناوداری ناو هەولێر و دەوروبەری و پیاو ماقوڵان و ریش سپیان کۆبونەوە.

لەسەرەتای کۆبونەوەکە کوسرەت ڕەسول وتەیەکی پێشکەش کردوو تێدا تیشکی خستە سەر خەباتی نەپساوەی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان و یەکێتی و پارتیشی بەدینەمۆی شۆڕشەکانی گەلی کورد دانان. ئەو دەستکەوتانەی ئێستاشی بۆ بەرهەمی ڕەنج و خەباتی هەردوو لا گەڕاندەوە، لە درێژەی وتەکەیدا کوسرەت ڕەسول داوای لەخەڵکی شاری هەولێر کرد بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە وەدەست هاتوون دەنگ بەلیستی کوردستانی و سەرۆک بارزانی بدەن. تا گەلی کوردستان لەسەرکەوتنەکانی بەدەستی هێناون لەسەری بەردەوام بن.

دواتر فازڵ میرانی وتەیەکی پێشکەش کردوو لەسەرەتا باسی لە ڕۆڵی خەڵکی کوردستان کرد کە بەردەوام لەپێش سەرکەوتنەکانی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان بوونە. تا ئەو ڕۆژە لە کوردستان هاتە ئاراوەو بووین بە خاوەنی حکوومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی خۆمان. لەبەشێکی تری وتەکەیدا میرانی باسی لەو پرۆژانە کرد کە لەچەند ساڵی ڕابردوو لە کوردستان جێ بەجێکراون ئەمەش وایکردووە کە کوردستان ڕوێکی جوان و گەشاوەی پێوە دیاربێت. هاوکات ئەوەشی ڕاگەیاند کە لایەنگران و ئەندامانی پارتی و یەکێتی بۆل14

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕەخنەی چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقێ فیدرالی ڕەتکردەوە

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕەخنەی چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی فیدرالی ڕەتکردەوەو، دووپاتیکردەوە کە دەستووری هەرێمی کوردستان کە پەرلەمانی کوردستان دەنگی بۆ داوە، تەواو لەگەڵ دەستووری ئێراقی فیدرالی هاوڕێکە. ئەدنان موفتی لە لێدوانێکەیدا، بۆ ڕۆژنامەی"الشرق الاوسط"ی چاپی لەندەنی ڕایگەیاند: ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراقی فیدرالّ مافی ئەوەی بۆل14

سەرۆک ئاهەنگی پشتگیریکردن لە مسعود بارزانی و لیستی کوردستانی دەگێڕێ

مەسرور بارزانی: مە پێدڤی ب سەرۆکەکی یە کو بانگهێشتا ئاشتێ و تەبایێ بکەت و یەکریزیا گەلێ مە بپارێزی و ڕێزو ئیحترامێ هەمی ئاین و نەتەوەکی و هاوواڵتیا بگری

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی 600 خانوو لە ناحیەی کۆڵەجۆی گەرمیان دانا

خەبات - بڕیار محەمەد: دوێنێ پێنج شەمە 2009/7/2 لەناحیەی کۆڵەجۆی خۆرئاوای قەزای کەلار بەئامادەبوونی سەعید ئەحمەد سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و ژمارەیەک لەبەرپرسانی ئیدارەی گەرمان و قەزاو ناحیەکانی گەرمیان لەسەر بودجەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی 600 خانوو بۆ هاوواڵتیانی ناحیە کۆڵەجۆ دانرا.

بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری ناحیەکە کە سالانێکە ئومێد دەکەن بگەڕێنەوە و هاوکاری بکرێن لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە وتەیەکدا سەعید ئەحمەد گوتی: ئەمڕۆ بەردی بناغەی 600 خانوو بۆ هاوواڵتیانی ناحیەی کۆڵەجۆ دادەنرێت کە هەر خانوویەکی 200 ملیۆن دیناری تێدەچێت.

هەروەها گوتی: لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار درا کە ئەم ناحیەیە ئاوەدان بکرێتەوە، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە بەر ڕاگواستون و ڕوێرانکاری بوونەوە. کۆڵەجۆ ناوچەیەکی کشتوکاڵی گرنگە و ڕۆڵێکی باشی دەبێت لەڕووی کشتوکاڵیەوە لە پاش ڕاپەڕینی شکۆداری خەڵکی کوردستان لە 1991 کەوتەوە دەستی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو لەپاش پرۆسەی ئازادی ئێراق ئازادکرا.

د.مەحمود عوسمان : ئەوانەی ئاڵای کوردستانیان سووتاندووە، خەڵکێکی خائین و ئاژاوەگێڕن

ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق د.مەحمود عوسمان ڕایگەیاند: بانگەشەی هەڵبژاردن ئەوەی ئەو ئاڵایەی سووتاندووە خەڵکێکی خائین و ئاژاوەگێڕە.

گوتیشی: هەروەکو لە سلێمانی لەسەر دیوارێک دروشمی حزبی بەعسیان نووسیوە، شەقامی گشتی و شوێنە گشتییەکان نابێت بۆ بانگەشەیەکی تووندوتیژ بەکار بێت، بەڵکو شوێنی تایبەت هەیە، بۆ خۆیان پرۆپاگەندەی تێدا بکەن.

مانگانە وەزارەتی ئەوقاف زیاتر لە 55ملیۆن دینار بەسەر هەژارانی کوردستاندا دابەش دەکات

Merakrg.org: یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی لەدیوانی وەزارەتی ئەوقاف ڕایگەیاند کەوا مانگانە وەزارەتی ئەوقاف لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتییەکانیەوە 55110000 پەنجاوپێنج ملیۆن و سەد و دە هەزار دینار بەسەر هەژارانی کوردستاندا دابەش دەکات. قاسم ڕەسوڵ بەرزنجی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف لەلێدوانێکدا ڕایگەیاند کەوا لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەوقافەوە جگە لەبەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شارەزوور کە تازە دروستکراوە لەهەر 13 بەڕێوەبەرایەتییەکەوە موچەی بڕاوە مادەی بڕ کە بۆ هەرکەسێک 30000 دیناڕە بەسەر ئەو هەژار و کەمدەرامەتانەدا دابەش دەکرێت کە خۆبەخشانە خزمەتی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان دەکەن و تەئکیدیشی کردەوە کەوا 1837 کەس لەکوردستاندا سوود لەم موچەیە وەردەگرێت. گوتیشی: 511 کەس لەو ژمارەیە ڕاستەوخۆ ئەم موچەیە لەبەشی ژمێریاری وەزارەتی ئەوقاف وەردەگرن.

بەغدا: لە تەقینەوەی ئوتومبیلێکی بۆمبڕێژکراودا دوو مەدەنی شەهید و 15 هاووڵاتیش بریندار بوون

ئەسوات ئەلعێراق: سەرچاوەیەکی پۆلیسی ئێراق، گوتی: لە تەقینەوەی ئوتومبیلێکی بۆمبڕێژکراودا لەناوچەی یوسفییەی باشووری بەغدا، دوو مەدەنی کوژران و 15 ش بریندار بوون.

سەرچاوەکە ڕوونیکردەوە ئوتومبیلێکی بۆمبڕێژکراو لەسەر یەکێک لە شەقامەکانی ناوچەی یوسفییەی باشووری بەغدا جێهێڵدرابوو، لەو تەقینەوەیدا دوو کەس کوژرانو 15 ش بریندار بوون. گوتیشی: تەقینەوەکە زیانی مالّیی بە ژمارەیەک دوکان گەیاند.

سوپای پاسدارانی ئێران داوای دەستگیرکردنی میر حسێن موسەویدەکات

ئاژانسەکان: سوپای پاسدارانی ئێران داوا دەکات میر حسێن موسەوی بەرهەڵستکاری ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران دەستگیر بکرێت و بەتومەتی هاندانی کاری تێکدەرانە دادگایی بکرێت.

سوپای پاسدارانی ئێران سکالایەکی لە دژی میر حسێن موسەوی بەرهەڵستکاری ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران پێشکەش بە دادگا کردووە کە لە 9 خاڵ پێکهاتووە. لە سکالاکەی سوپای پاسدارانی ئێراندا هێلا دهۆک- دگەل هەولێرێ.

14

سوپای بەریتانیا لەئێراق کەلوپەلەکانی ناباتەوە و لەزیادکردنی ئاشکرادا دەیانفرۆشێت

BBC: وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاند، سوپای وڵاتەکەی لە ئێراقدا کەولوپەلە زیادەکانی سەربازی لە فرۆشتنێکی ئاشکرا دەفرۆشێتەوە.

بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵی ئێراقی، سوپای بەریتانیا کەلوپەلە زیادەکانی لە کاتی کشانەوەیدا لە ئێراق لەگەڵ خۆیدا نابات، بەڵکو لە فرۆشتنێکی ئاشکرادا بۆ بازرگانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە ڕوو.

بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، جێگری سەرۆکی فەرمانگەی کەلوپەلی بەرگری لە دەرەوە

14

هەواڵی چاوەڕوانکراو

*ڕەنگە جارێکی دیکە هێزەکانی ئەمەریکا بگەڕێنەوە بۆ ناو شارەکانی ئێراق.

*لەوانەیە هەتاکوتایی ئەم مانگە نرخی نەوت لەبازارەکانی جیهاندا چەند جارێک بەرزببێتەوە.

*چاوەڕێ دەکرێت لەڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو زیاتر لە 1300 چەکی قەڕەبووکردنەوەی ماددەی 140 بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش بکرێت.